# گەڕانەوەکان لە عێراق دا: خستنەڕووێکی گشتی ساڵی ٢٠٢١

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ (گەڕی ١١) تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ (گەڕی ١٤)

شوباتی ٢٠٢٢

پێرستی گەڕانەوە ئامرازێکە دیزاینکراوە و دانراوە بۆ پێوانەکردن و دیاریکردنی خراپی دۆخی ژیان و گوزەرانی شوێنەکانی گەڕانەوە. پێرستی گەڕانەوە بەپێی ١٦ دەرخەر دیزاینکراوە و بۆ سەر دوو پێوەر دابەشکراوە: پێوەری ١، کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، پێوەری ٢، تەبایی کۆمەڵایەتی و سەلامەتی دەگرێتەوە. مۆدێلی گەڕانەوە لە هەڵسەنگاندنی هەر یەکێک لە دەرخەرەکانی کار ئاسانکردنی گەڕانەوە یان ڕێگریکردن لە گەڕانەوەکان بەکارهێنراوە. مەودای پێوانەکردنی پێرستەکە لە ٠ کە (هەموو پێویستییەکانی گەڕانەوە بەرجەستەکراوە) تا ١٠٠ە کە (هیچ کام لە پێویستییەکانی گەڕانەوە بەرجەستە نەکراوە). تا ژمارەکە بەرزتربێ، دەرخەری ئەوەیە کە دۆخی ژیان و گوزەرانی گەڕاوەکان خراپترە. ژمارەکانی هەڵسەنگاندنی ڕادەی خراپی لەم پێرستەدا بۆ سەر سێ پۆل دابەشکراوە: نزم، مامناوەند و بەرز (بەرز، ئاستی زۆر بەرزیش دەگرێتەوە). لە (میتۆدۆ ڕێبازی ڕاپۆرتەکە) ووردەکاری زیاتر لەم بارەیەوە بەردەستە.


گەڕانەوەکان لە عێراق دا: خستنەڕووێکی گشتی ساڵی ٢٠٢١ شیکاری دەربارەی گەڕانەوەکان لە سەرانسەری عێراق دا دەخاتە بەردەست. بەشی یەکەمی ئەم ڕاپۆرتە خستنەڕووێکی گشتی گەڕانەوەکانی ساڵی ٢٠٢١ لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەمیش دۆخی ژیان و گوزەرانی گەڕاوەکان لە تەواوی هەموو پارێزگاکان دەخاتەڕوو تا کۆتایی ٢٠٢١ و، باسی پەیوەندی نێوان ڕێژەی گەڕانەوە و خراپی دۆخی ژیان و گوزەران دەکات. بەشی سێیەمیش دەربارەی ئەو شوێنانەیە کە هیچ گەڕانەوەیەکیان نییە و ئەو شوێنانەی کە بەم دواییانە لەلایەن تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RARTs) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) تۆمارکراون و، هەروەها ژمارەی دانیشتووانی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین. دوا بەشیش شیکارییەکی ووردتر لەسەر فاکتەرە پاڵنەرەکانی خراپبوونی دۆخی ژیان و گوزەران لەسەر گەڕانەوە بۆ شارەدێیەکانی دەخاتەڕوو، کە ئەم شوێنانە بە (ناوچەی گەرمەکان) دانراون و شیکاری بۆ ئەو هۆکارانەش دەکات کە لە نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.[1]

## خستنەڕووێکی گشتی گەڕانەوەکان

لە نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، ژمارەی هاوڵاتیانی گەڕاوە بۆ ١٢٠,٦٦٦ کەس بەرزبووەتەوە، کە دەکاتە نزیکەی ٢٠,١١١ خێزان (شێوەی ١). ئەمەش نزیکەی نیوەی ژمارەی گەڕاوەکانی ساڵی ڕابردووە کە تیایدا ٢٣٥,١١٦ هاوڵاتی گەڕابوونەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠). ڕێژەی گۆڕان بریتییە لە ڕێژەی سەدی گۆڕان لە ژمارەی گەڕاوەکان لە نێوان ئەو گەڕانەی کە داتای تێدا کۆکراوەتەوە کە ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووەتەوە بۆ (٢.٥٪) لە ٢٠٢١ دا بەراورد بەساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠١٩ کە (٥٪) و (١٠٪) بوو بۆ هەریەکەیان.

نزیکەی یەک لەسەر سێی گەڕانەوەکانی نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ هی پارێزگای نەینەوا بوون (٣٢٪ کە ٣٨,٤١٨ کەس بوون)، ئینجا هی ئەنبار (٣١٪ کە ٣٧,٨٦٠) کەس. هەرچی پارێزگای سەڵاح الدین یشە، یەک لەسەر چواری گەڕانەوەکانی هەبوو لە ٢٠٢١ دا بە (٢٤٪ کە ٢٨,٩٦٢ کەس بوون (شێوەی ١).

شێوەی ١: گۆڕانکاری لە ژمارەی هاوڵاتیانی گەڕاوەکان بەپێی پارێزگا[2]




لە نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، قەزای فەللوجە لە پارێزگای ئەنبار بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی تێدا تۆمارکرا کە ٢٩,٦١٦ گەڕاوە بوون. ئینجا قەزاکانی ناوەندی موسڵ (١٧,٥٢٦)، تکریت (١٤,٣٩٤) و شنگال بە (٩,٨٤٠) گەڕاوەیان تێدا تۆمارکرا.


هەروەها ئەوەی جێی سەرەنج بوو قەزای هەترە بوو لە پارێزگای نەینەوا کە تیایدا کەمبوونەوەی ١,٣٥٠ گەڕاوەی تێدا تۆمارکرا، ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەمنی و دۆخی وشکەساڵی لە ناوچە لادێییەکانی ئەو قەزایەدا.[3] کەمبوونەوەی ژمارەی گەڕاوەکان لە قەزاکانی ڕوتبە و عانەی پارێزگای ئەنباردا تۆمارکرا بە (-٦١٢) و (-٣٠٦) کەمبوونەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بە نەبوونی دەرفەتی کار لەم دوو قەزایە و هەبوونی هەلی کار لە قەزاکانی دیکە دا.

١ لەم پێرستەدا هەر ناحیەیەک\شارەدێیەک بەلایەنی کەم لەیەکێک لە دوو پێوەرەکە ژمارەکەی پێوانەکردنی خراپی دۆخی گوزەران بەرزبێت، ئەو ئەو شارەدێیە بەناوچەی گەرم دادەنرێت. هەروەها دەکرێت شارەدێیەک بە (ناوچەی گەرم) دابنرێت ئەگەر ئەو شوێنە لەیەکێک یان هەردوو پێوەرەکەی ناو ئەم پێرستە ئاستی خراپی دۆخی گوزەران مامناوەند بێت بەڵام ژمارەیەکی زۆر گەڕاوەی لەخۆ گرتووە.

٢ داتای کۆکراوە: تشرینی دووەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ گەڕی ١١٩ی لیستی سەرەکی و، تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بۆ گەڕی ١٢٤ی لیستی سەرەکی.

٣ ڕاپۆرتی ئاوارەبوونی هاوڵاتیان لە قەزای هەترە بەهۆی وشکە ساڵییەوە بەردەستە وەکو بەشێک بەدواداچوونی لەناکاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM).


نەخشەی ١: گۆڕانکاری لە ژمارەی هاوڵاتیانی گەڕاوە بەپێی قەزا[٤]




تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، پارێزگای نەینەوا گەورەترین ژمارەی گەڕاوەکانی لەخۆگرتبوو (١,٩٢٧,٥٧٢) گەڕاوە، کە دەکاتە لە ٧٤٪ی ئاوارە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە (شێوەی ٢).

نزیکەی هەموو ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار گەڕاونەتەوە (٩٢٪) کە (١,٥٤٢,٤٩٢) گەڕاوەن. پارێزگای سەڵاح الدینیش سێیەم گەورەترین ژمارەی هاوڵاتیانی گەڕاوەی هەبوو بە (٧٣٧,٧٠٦) گەڕاوە کە دەکاتە لە ٨٤٪ گەڕاوەکان.

شێوەی ٢: ڕێژەی گەڕانەوەی بەپێی پارێزگا[٥]



| | نەینەوا | ئەنبار | سەڵاحەددین | کەرکوک | دیالە | بەغدا | هەولێر | دهۆک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەڕانەوە | ٪٧٤ | ٪٩٢ | ٪٨٤ | ٪٨٢ | ٪٧٦ | ٪٦٦ | ٪٨٧ | ٪١٠٠ |
| ئاوارە ناوەخۆییەکانی پارێزگاکان | ٦٦٤,٩٢٩ | ١٣٤,٢٥٥ | ١٣٨,١٣٤ | ٧٥,٨٤١ | ٧٣,٧٧٦ | ٤٦,٤٩٨ | ٨,٩٦٩ | - |
| گەڕاوەکان | ١,٩٢٧,٥٧٢ | ١,٥٤٢,٤٩٢ | ٧٣٧,٧٠٦ | ٣٥١,٦١٨ | ٢٣٩,٠٩٤ | ٩٢,٢٩٢ | ٦٠,٧٠٢ | ٧٥٦ |

٤ داتای کۆکراوە: تشرینی دووەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ گەڕی ١١٩ی لیستی سەرەکی و، تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بۆ گەڕی ١٢٤ی لیستی سەرەکی.

٥ لێرە ڕێژەی گەڕانەوە وەها هەژمارکراوە کە ژمارەی گەڕاوەکانی هەر پارێزگایەک دابەشی سەر کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوەکان و ئاوارەناوخۆییەکانی پارێزگای زێد دەکات. داتای کۆکراوە: تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بۆ گەڕی ١٢٤ی لیستی سەرەکی.

## هاوڵاتیانی گەڕاوە کە لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دان

لەماوەی کۆکردنەوەی داتای گەڕی ١٤ی پێرستی گەڕانەوە لە تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، هەڵسەنگاندن بۆ ٢,١٦٥ شوێنی گەڕانەوە کرا. لە کۆی هەموو ئەو شوێنە هەڵسەنگانراوانەدا، ٤٥٩ شوێنیان ڕەوشیان زۆر خراپە[١]. ئەمەش واتە، لە ١٢٪ گەڕاوەکان لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دا دەژین و کۆی ئەو کەسانەش دەکاتە ٦٠١,٩١٤ کەس.

هەرچەندە کەمتر لە نیوەی گەڕاوەکان ڕەوشی شوێنیان زۆر خراپە کە (٤٩٪ و ٢,٤٣١,٢٥٤ کەسە) (شێوەی ٣). لە نێوان کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا، ژمارەی گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە ڕەوشیان زۆر خراپە لە ١٠٪ بۆ ١٢٪ بەرزبووەتەوە، ئەمەش زیادبوونی نزیکەی ١١٧,٠٠٠ کەس دەگرێتەوە.

شێوەی ٣: ڕێژە و ژمارەی گەڕاوەکان بەگوێرەی خراپیان تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١




ووردتر بڵێین: ئەو پارێزگایانەی بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەیان هەیە کە لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دا دەژین بریتین لە نەینەوا (٢٦٠,٠٧٠ کەس) و سەڵاح الدین (٢٠٧,١١٤ کەس) (شێوەی ٤).


شێوەی ٤: ژمارەی گەڕاوەکان بەپێی خراپی ڕەوشیان بۆ هەموو پارێزگاکانی گەڕانەوە (کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)




سەبارەت بە ڕێژەی دانیشتووانی گەڕاوە، پارێزگاکانی سەڵاح الدین و دیالە بەرزترین ڕێژەی سەدی ئەو گەڕاوانەیان تێدا بوو کە لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دا دەژین بە ٢٨٪ و ١٨٪ لە سەدا بۆ هەریەکەیان (شێوەی ٥). هەروەها پارێزگای سەڵاح الدین یش بەرزبونەوەی گەورەترین ڕێژەی ئەو گەڕاوانەی تێدا تۆمارکرا کە لە ڕەوشێکی ئێجگار خراپ دا دەژین (لە ٢١٪ بۆ لە ٢٨٪) بەرزبوونەوە. پارێزگاکانی دیالە و بەغداش تەنیا پارێزگا بوون کە کەمبوونەوەیان بەخۆوە بینی لە ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە ڕەوشی شوێنەکانیان خراپە کە بۆ هەریەکەیان بە لە (٢١٪ بۆ ١٨٪ و لە ٢٪ بۆ ١٪) کەمبوونەوە بوو.

١ وشەکانی شوێنی severe و poor لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە دۆخی ئەو شوێنانە دەکات کە بە (ڕەوش زۆر خراپ) پۆلێنکراوە.

شێوەی ٥: ڕێژەی گەڕاوەکان بەپێی ڕەوش زۆر خراپی هەموو پارێزگاکانی گەڕانەوە (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانونی یەکەمی ٢٠٢١)





## ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی پۆلێنی ڕەوش زۆر خراپی

شیکاری داتای پێرستی گەڕانەوە کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ کۆکراوەتەوە یەکگرتن و تێکەڵاوبوونێکی مامناوەند نیشان دەدا لە نێوان ڕێژەی گەڕانەوە و پۆلەکانی پۆلێنکاری ڕەوش زۆر خراپی (شێوەی ٦).[7] ئەو شوێنانەی کە بە نزمی ڕەوش زۆر خراپ پۆلێنکراون زیاتر گەڕانەوەی تەواوی هەموو ئاوارەکانیان بەخۆیانەوە بینیووە، لەوکاتەی ئەو شوێنانەی کە بە بەرزی ڕەوش زۆر خراپ پۆلێنکراون گەڕانەوەی کەمتر لە نیوەی ئاوارەکانیان بەخۆیانەوە بینیووە.

ڕێژەی ئەو شوێنانەی کە ئاستی ڕەوش خراپیان زۆر بەرزە، هەموو گەڕانەوەی هەموو ئاوارەکان تارادەیەکی کەم کەمیکردووە لە ٢٠٢١ دا (لە ٥٪ لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ٤٪ لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١). تاکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، لە نزیکەی نیوەی شوێنەکان ئاستی ڕەوش خراپی مامناوەندە (٤٦٪) و نیوە شوێنەکانیش ئاستی ڕەوش خراپیان نزمە (٥٠٪).

شێوەی ٦: ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی خراپی ڕەوش و (ڕێژەی سەدی شوێنەکان)[8]




٧ تێکەڵاوبوون و یەکگرتنی مامناوەند (یاسای جەبری V = ٠.٣٣٧، p < ٠.٠٠٠ لە گەڕی ١١ و یاسای جەبری V = ٠.٣٢٧، p < ٠.٠٠١ لە گەڕی ١١).


٨ لێرەدا ڕێژەی گەڕانەوە وەکو بەشێک لە پێرستی گەڕانەوە هەژمارکراوە کە تیایدا پرسیار لە زانیارییپێدەری سەرەکی کراوە کە چەند خانەوادە بۆ هەر شوێنێک گەڕاونەتەوە بەگوێرەی ئەو پۆلێن و پۆلێنکارییەی کە لە هێڵکارییەکەدا نیشاندراوە.

## ئەو شوێنانەی کە هیچ گەڕانەوەیەکیان نییە و ئەو شوێنانەشی کە تازە هەڵسەنگێندراون

ئەگەر شوێنێک کە هاوڵاتییەکان و دانیشتووانەکەی لەوەتەی ٢٠١٤ەوە ئاوارەبوون و تائێستا بۆ ئەو شوێنە نەگەڕاونەتەوە، ئەوا بە شوێنی بێ گەڕانەوە دادەنرێت.[٩] تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ٢٨٧ شوێنی وەکو شوێنی بێ گەڕانەوە دەستنیشانکردووە. لەماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، ٢٦ لەو شوێنانە گەڕانەوەیان تێدا تۆمارکرا.

هەرچەندە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون دەستنیشانی ١٨ شوێنی دیکەی بێ گەڕانەوەی کرد لەو ساڵەدا، دوو لەو شوێنانەش هەر لەم ساڵەدا گەڕانەوەیان تێدا تۆمارکرا. لە ئەنجامدا، تاکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بە کۆی گشتی ٢٨١ شوێنی بێ گەڕانەوە هەبوون لەسەرانسەری وڵاتدا.

نەخشەی ٢: ڕێژەی سەدی شوێنە بێ گەڕاوەکان بەپێی قەزا





٩ ئەو شوێنانە، کە هیچ زانیارییەکی پێدەری سەرەکی و دانیشتوانیان نییە، بۆ چاودێریکردن و تۆمارکردن زۆر زەحمەتن و زۆربەی کات زانیارییەکە تەنیا بەقسە و وەردەگیرێت و هەر بەدەم دەستنیشان دەکرێت.

## دانیشتووانی گەڕاوەی شوێنە حەوانەوە خراپەکان

تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ١٩٣,٤٩٤ گەڕاوە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان، کە دەکاتە نزیکەی لە ٤٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان لەسەرانسەری وڵاتدا.[١٠] بەتایبەتی ئەو گەڕاوانەی لە شوێنی حەوانەوەیەکی زۆر خراپ دان کە داڕووخاوە یان زۆر بە خراپی زیانی بەرکەوتووە.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کەل شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە (٩٪) بەرزبۆوە کە ١٦,٣٩٨ کەسە. نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەو گەڕاوانەی لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دە دەژین دانیشتووی پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە لە (٣٣٪)، ئینجا نەینەوا (٢٩٪)، پاشان ئەنبار بە (٢١٪) و دواتریش دیالە بە لە (١٣٪) (شێوەی ٧).

شێوەی ٧: دانیشتووانی گەڕاوە کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین بەپێی پارێزگا (کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)




## پاڵنەر و هۆکارەکانی زۆرخراپبوونی ڕەوش لە ناوچە سەرەکییەکانی گەڕانەوە

ئەو شیکارییەی کە لەم بەشەدا خراوەتەڕوو جەخت لەسەر پێنج تەوەر و بابەتی دەرخەرەکانی پێرستی گەڕانەوە دەکاتەوە: خاپووربوونی شوێنی نیشتەجێبوون، کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن، دەستگەشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، تەبایی کۆمەڵایەتی و سەلامەتی (شێوە ٨). بۆ تێگەیشتنێکی وردتر لەسەر ڕەوش زۆر خراپ و بەرەبەستەکانی بەردەم گەڕانەوە، دەرخەرەکانی پێرستی گەڕانەوە کراونەتە پێنج گروپ (پاڵنەرەکانی ڕەوش زۆر خراپبوون)، کە هەریەکەیان تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی دیاریکراوی ڕەوش زۆرخراپبوونەکە.[١١]

ئەم بەش شیکاریەکیش لەسەرئەوەی کە چۆن هەریەکێک لەو پاڵنەرانە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە لە (ناوچە گەرمەکان) لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١.[١٢] ٣٠ شوێن وەکو ناوچەی گەرم لەسەرانسەری پێنج پارێزگادا دەستنیشانکران. سێ لەو ناوچە گەرمانە، هەر وەکو لە شێوەکانی خوارەوە خراونەتەڕوو، لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ وەکو ناوچەی گەرم دەستنیشانکران بەڵام لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ چیتر وەکو ناوچەی گەرم نەمانەوە بەهۆی ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە ڕەوش زۆرخراپیەکە هاتنە ئاراوە.

شێوەی ٨: پاڵنەرەکانی ڕەوش زۆرخراپبوون و دەرخەرەکانی لایەن و بابەتەکان

| پاڵنەرەکان | خاپووربوونی شوێنی نیشتەجێبوون | کاروکاسبیی | دەستگەشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان | تەبایی کۆمەڵایەتی | سەلامەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| دەرخەرەکان | خاپووربوونی شوێنی نیشتەجێبوون | بوژانەوەی کشتوکاڵی | دابینکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان | ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە | نیگەرانییەکانی مین و تەقەمەنییە نەتەقیووەکان |
| | | بوژانەوەی کار | هەبوونی کارەبای پێویست | ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی | نیگەرانییەکانی سەرچاوەکانی توندوتیژی |
| | | هەبوونی خستنە سەرکار | هەبوونی ئاوی پێویست | نیشتەجێبوونی نایاسایی لە شوێنی تایبەت | هەبوونی هێز و لایەنی ئەمنی جۆراوجۆر |
| | | | دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان | گەڕانەوەی ڕێگری لێکراو | هەبوونی بازگەی ئەو هێزە ئەمنییە جۆراوجۆرانە |

١٠ شوێنە حەوانەوە زۆر خراپەکان بریتین لە شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵی و بەیەکەوەیی (شوێنە ئاینییەکان، قوتابخانەکان و بینا و باڵەخانە گشتییەکانی دیکە)، بینا و باڵەخانەی تەواونەکراو یان جێهێڵدراو، خێمە، کارەڤانە، شوێنی دیکەی حەوانەوەی کاتی، شوێنە نیشتەجێبوونە نیمچە ستانداردەکان یان کاتییەکان، هەروەها ئەو شوێنە نیشتەجێبوونانەی ناوچەی زێد کە بۆ ژیان کردن تیایاندا ناشێن (هاوشێوەی بینا و شوێنی تەواونەکراون یان شوێنانێکن زۆر بەخراپی داڕووخاون). داتای کۆکراوە: تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی بۆ گەڕی ١٢٤ لیستی سەرەکی.

١١ پاڵنەرەکانی ڕەوش زۆرخراپوون لەسەر ئاستی شارەدێ هەژمارکراوە و زانیاری سەبارەت بە ڕەوشەکە بەشێوەیەکی باشتر بەشداربووان بەرەوپێشبردنی ڕەوشەکە بخاتەڕوو. هەریەکێک لە پاڵنەرەکان لە چەند دەرخەری پێرستی سەرەکی پێکهاتووە و ڕەچاوی کاریگەری هەر یەکێک لە دەرخەکان کراوە کە لە کارئاسانیکردن یان ڕێگری لێکردنی گەڕانەوەکان هەیەتی، هەروەها ڕەچاوی قەبارە دانیشتووانی گەڕاوەکان لەو شارەدێیە کراوە.

١٢ شارەدێیەکان بە (ناوچە گەرم) دانراون ئەگەر ئاستی زۆرخراپی ڕەوشەکەیان بەرزبێت بەلایەنی یەکەم لەکێک لە دوو پێوەرەکە (کاروکاسبی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، یان سەلامەتی و تەبایی کۆمەڵایەتی) یان تەنانەت ئەگەر ئاستیان مامناوەندیش بێت لە ڕەوش زۆرخراپبوون بەڵام ژمارەیەکی زۆری گەڕاوەیان لەخۆگرتبێت، کە بەلایەنی کەمەوە ٦٠,٠٠٠ گەڕاوە لەو شارەدێیە دا هەبن.

## خاپووربوونی ناوچەی نیشتەجێبوون

بە کۆی گشتی، ڕاددەی خاپووربوونی ناوچەی نیشتەجێبوون و هەوڵەکانی بنیاتنانەوە لەو شارەدێیە ناوچە گەرمانەدا دا پۆلێنکراوە بە نزمی ئاستی ڕەوش زۆر خراپی (کە ٦٧٪ هەموو ناوچە گەرمەکانە). ئەمەش واتە، لەوانەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێت، بەڵام بەگشتی، کەمتر لە نیوەی خانوو و ماڵی خانەوادەکانی ئەو ناوچانە ڕووخاون و هەوڵەکانی بنیاتنانەوەش بەردەوامن. هەروەها ٤ ناوچەی گەرم بەرەوپێشچوونیان لە بنیاتنانەوەی ناوچە نیشتەجێبوونەکانیان بە خۆیانەوە بینیووە لە ساڵی ٢٠٢١ دا.


لە قەزای بەلەدی پارێزگای سەڵاح الدین دا، سێ ناوچەی گەرم هەیە کە خراپی ڕووخانی ناوچەی نیشتەجێبوون بەرزە و لە ساڵی ٢٠٢١ دا هیچ بەرەوپێشچوونێکیان بە خۆیانەوە نەبینیووە. قەزایەکانی ئەبو سەیدا و مقدادیەش هەمان بار و دۆخیان هەبوو لە پارێزگای دیالەدا.

بەرزبوونەوەیەکی بەرچاویش لە زۆر خراپی ڕەوش لە قەزایەکانی سینینە و بێجی پارێزگای سەڵاح الدین تۆمارکرا. هەروەها خراپتربوونی دۆخی ناوچەی نیشتەجێبوون لە گەرمەی قەزای فەللوجە بەدیکرا لە پارێزگای ئەنباردا، هەروەها قەزایەکانی قەعتانیە و بەعاج لە پارێزگای نەینەوا دا هەمان دۆخ خراپتربوونیان هەبوو. بۆ هەریەکێک لەم حاڵەتانەش دا، گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچە نیشتەجێبووە زۆر ڕووخاوەکان و نەبوونی هەوڵەکانی بنیاتنانەوە بوونەتەهۆی خراپتربوونی ئاستی دژواری ڕەوشەکە.

شیاوی باسە، شارەدێی نەسیر وەلسەلام لە پارێزگای بەغدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە ناوچە ڕووخاوەکانی نیشتەجێبوون، بەجۆرێک کە لە ئاستی بەرزەوە چووە ئاستی نزمی ڕەوش خراپی لە ساڵی ٢٠٢١ دا. ئەم شارە دێیە یەکێکە لەو شارەدێیانەی کە چیتر بە (ناوچیە گەرم) دانانرێت لەوەتەی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ وە، ئەمەش بەشێکی لەبەر ئەو بەرەوپێشچوونە بەرچاوانەیە لە نۆژەنکردنەوە و نیشتەجێکردن لەم شاردەدێیەدا بەدیهاتوون.

شێوەی ٩: جیاوازی لە ئاستی ڕەوش خراپی لەڕووی ڕووخانی ناوچەی نیشتەجێبوون لە هەموو ناوچە گەرمەکان (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)[١٣]

| پارێزگا | قەزا | شارەدێ\ناحیە |
| --- | --- | --- |
| ئەنبار | قائیم | ناوەندی قائیم |
| | فەللوجە | عامریە |
| | فەللوجە | گەرمە |
| | هیت | بەغدادی |
| | هیت | فوڕات |
| | هیت | ناوەندی هیت |
| | ڕوومادی | حەسیبە شەرقیە |
| بەغدا | ئەبو غرێب | نەسر وەسەلام |
| بەغدا | مقدادیە | ئەبو سەیدا |
| | مقدادیە | ناوەندی مقدادیە |
| | خانەقین | جەلەولا |
| | کفری | قەرەتەپە |
| نەینەوا | بەعاج | قەحتانیە |
| | بەعاج | ناوەندی بەعاج |
| | موسڵ | حەمام حلیل |
| | شنگال | شەمال |
| | شنگال | ناوەندی شنگال |
| | شنگال | قەیرەوان |
| | تەلەعفەر | عیازییە |
| | تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر |
| | تەلەعفەر | زوممار |
| سەڵاح الدین | الدور | ناوەندی الدور |
| | شەرگات | ناوەندی شەرگات |
| | بێجی | السینیە |
| | بێجی | ناوەندی بێجی |
| | بەلەد | ئیسحاقی |
| | بەلەد | ناوەندی بەلەد |
| | بەلەد | یەسریب |
| | سامەڕا | موعتەسیم |
| | سامەڕا | ناوەندی سامەڕا |
| | توزخورماتوو | ئامرلی |
| | توزخورماتوو | ناوەندی توز خورماتوو |
| | توزخورماتوو | سلێمان بەگ |




١٣ تابلۆیەکی زۆر باشی خستنەڕووی داتا لەسەر پاڵنەرەکانی ئاستی ڕەوش خراپی و ڕێژەی گەڕانەوە بۆ ناوچە گەرمەکان بەردەستە لە http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex. هەروەها شیکاریەکی تێروتەسەلیش لەسەر چۆنیەتی جیاوازی ئەو پاڵنەرانە لەسەرجەم شارەدێیەکان بەردەستە لە http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#GovProfiles کە بەپێی ئەو پارێزگاکانی هەریەکێک لەو شارەدێیانەیە.


## کاروکاسبی

جیاوازییەکی کەم لە پاڵنەری کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن هەبوو وەکو پاڵنەرێکی ڕەوش خراپی لە ناوچە گەرمەکان لە ساڵی ٢٠٢١ دا، کە تەنیا هەشت لەو شوێنە گەرمانە لەساڵی ٢٠٢١ بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینی لەم بارەیەوە کە (٢٤٪) ناوچە گەرمەکانە. قەزای ناوەندی مقدادیە لە پارێزگای دیالە تاکە ناوچەی گەرم بوو کە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی لەڕووی ڕەوش خراپی لە بەرزەوە بۆ مامناوەند. هۆکار و پاڵنەری ئەمەش بوژانەوەی کشتوکاڵی بوو لەو شوێنەدا و بەرەوپێشچوون لە دەستگەیشتن بە کار و پیشە بوو. هەروەها بەرەوپێشچوونێکی کەمیش لە شارەدێی قەحتانیەی قەزای بەعاجی پارێزگای نەینەوا بەدهاتووە، هەمان شتیش لە شارەدێی سینیەی قەزای بێجی پارێزگای سەڵاح الدین بەدیکراوە.

نزیکەی نیوەی ناوچە گەرمەکان لەڕووی کاروکاسبییەوە بە ئاستی مامناوەندی ڕەوش خراپی دانراون کە (٤٨٪)ە، ئەو ناوچە گەرمانەشی کە لە ئاستی نزمی ڕەوش خراپی دەمێننەوە لەڕووی کاروکاسبییەوە لە (٢٧٪) بوو، ناوچە گەرمە ئاست بەرزەکانی ڕەوش خراپیش بۆ کاروکاسبی لە (٢٤٪) بوو. نەبوونی جیاوازی ناچۆنییەکی لە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە ڕووی کاروکاسبی ئەوە نیشاندەدات کە هۆکاری سەرەکی بازاڕە، لەوانەش نەبوونی وەبەرهێنان، نایەکسانی لە خوێندن و خوێندنی پیشەیی و سنووردار بوونی ژێرخانەکان بەردەوام کاریگەریان لە سەر گەڕاوەکان هەبووە لە ٢٠٢١ دا.[١٤]

شێوەی ١٠: جیاوازی لەڕەوش خراپی لەڕووی کاروکاسبییەوە لە هەموو ناوچە گەرمەکان دا (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)

| پارێزگا | قەزا | شارەدێ\ناحیە |
|---|---|---|
| ئەنبار | قائیم | ناوەندی قائیم |
| | فەللوجە | عامریە |
| | فەللوجە | گەرمە |
| | هیت | بەغدادی |
| | هیت | فوڕات |
| | هیت | ناوەندی هیت |
| | ڕوومادی | حەسیبە شەرقیە |
| بەغدا | ئەبو غرێب | نەسر وەسەلام |
| بەغدا | مقدادیە | ئەبو سەیدا |
| | مقدادیە | ناوەندی مقدادیە |
| | خانەقین | جەلەولا |
| | کفری | قەرەتەپە |
| نەینەوا | بەعاج | قەحتانیە |
| | بەعاج | ناوەندی بەعاج |
| | موسڵ | حەمام حلیل |
| | شنگال | شەمال |
| | شنگال | ناوەندی شنگال |
| | شنگال | قەیرەوان |
| | تەلەعفەر | عیازیە |
| | تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر |
| | تەلەعفەر | زوممار |
| سەڵاح الدین | الدور | ناوەندی الدور |
| | شەرگات | ناوەندی شەرگات |
| | بێجی | السینیە |
| | بێجی | ناوەندی بێجی |
| | بەلەد | ئیسحاقی |
| | بەلەد | ناوەندی بەلەد |
| | بەلەد | یەسریب |
| | سامەڕا | موعتەسیم |
| | سامەڕا | ناوەندی سامەڕا |
| | توزخورماتوو | ئامرلی |
| | توزخورماتوو | ناوەندی توز خورماتوو |
| | توزخورماتوو | سلێمان بەگ |




١٤ کاریگەری ئەو فاکتەرانە، لەچاو فاکتەرەکانی دیکە، لەسەر خانەوادە ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێروتەسەلی لە خستنەڕووی گشتی پێویستییە مرۆییەکان لە عێراق دا بۆ ساڵی ٢٠٢١ خراوەتەڕوو.

## خزمەتگوزارییەکان

نزیکەی نیوەی هەموو ناوچە گەڕەمەکان بە ئاست نزمی ڕەوش خراپی پۆلێنکراون لەڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە کە (٤٨٪)ە، لە (٢٧٪)یشیان بە ئاست مامناوەند و لە (٢٤٪)یشیان بە ئاست بەرزی ڕەوش خراپی پۆلێنکراون لەڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە. لەماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، ١٠ لە ناوچە گەڕەمەکان لەڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینی کە دەکاتە لە (٣٠٪) ناوچە گەڕەمەکان.


دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە ئاستێکی باش دا مایەوە لە هەموو ناوچە گەڕەمەکانی پارێزگاکانی بغدا و ئەنباردا و قەزای تەلەعفەری پارێزگای نەینەوادا. دەستگەیشتن بە ئاو و کارەبا لە ئاستێکی خراپ دا مایەوە لە شارەدێیەکانی ئامرلی و سلێمان بەگی قەزای توزخورماتووی پارێزگای دیالەدا. هەمان شتیش لە شارەدێی قەرتەپەی قەزای کفری پارێزگای دیالە و شارەدێی قەعتانیە قەزای بەعاجی پارێزگای نەینەوادا هەبوو.

ئاستی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو خراپتربوو لە شارەدێی یەسریبی قەزای بەلەدی پارێزگای سەڵاح الدین، ئەمەش بەهۆی کێشە و گرفتی دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە و بەبڕی پێویست لە ساڵی ٢٠٢١ دا. هەمان کێشەش لە شارەدێی عامریەی قەزای فەللوجەی پارێزگای ئەنباردا هەبوو، هەروەها لە شارەدێی جەلەولای\گوڵاڵەی قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە دا هەبوو.

ناوەندی قەزای مقدادیە لە پارێزگای دیالە تاکە شوێنی گەرم بوو کە بەرەوپێشچوونێکی باشی تیادا بەدیکرا لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لە ساڵی ٢٠٢١ دا، کە لە ئاست بەرزی ڕەوش خراپیەوە چووە ئاست مامناوەند لە دەرئەنجامی بەرەوپێشچوون لە دەستگەیشتن بە ئاو و کارەبا.

شێوەی ١١: جیاوازی لەڕەوش خراپی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لە هەموو ناوچە گەڕەمەکان دا (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)

| پارێزگا | قەزا | شارەدێ\ناحیە |
|---|---|---|
| ئەنبار | قائیم | ناوەندی قائیم |
| | فەللوجە | عامریە |
| | فەللوجە | گەرمە |
| | هیت | بەغدادی |
| | هیت | فورات |
| | هیت | ناوەندی هیت |
| | ڕوومادی | حەسیبە شەرقیە |
| بەغدا | ئەبو غرێب | نەسر وەسەلام |
| بەغدا | مقدادیە | ئەبو سەیدا |
| | مقدادیە | ناوەندی مقدادیە |
| | خانەقین | جەلەولا |
| | کفری | قەرەتەپە |
| نەینەوا | بەعاج | قەحتانیە |
| | بەعاج | ناوەندی بەعاج |
| | موسڵ | حەمام حلیل |
| | شنگال | شەمال |
| | شنگال | ناوەندی شنگال |
| | شنگال | قەیرەوان |
| | تەلەعفەر | عیازیە |
| | تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر |
| | تەلەعفەر | زوممار |
| سەڵاح الدین | الدور | ناوەندی الدور |
| | شەرگات | ناوەندی شەرگات |
| | بێجی | السینیە |
| | بێجی | ناوەندی بێجی |
| | بەلەد | ئیسحاقی |
| | بەلەد | ناوەندی بەلەد |
| | بەلەد | یەسریب |
| | سامەڕا | موعتەسیم |
| | سامەڕا | ناوەندی سامەڕا |
| | توزخورماتوو | ئامرلی |
| | توزخورماتوو | ناوەندی توز خورماتوو |
| | توزخورماتوو | سلێمان بەگ |



## تەبایی کۆمەڵایەتی


تەنیا دوو ناوچەی گەرم ئاستی بەرزی ڕەوش خراپیان تێدا تۆمارکرا لەڕووی دەرخەرەکانی تەبایی کۆمەڵایەتییەوە تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ کە دەکاتە لە (٦٪) ناوچە گەرمەکان. زۆربەی ناوچە گەرمەکان ئاستی مامناوەندی ڕەوش خراپیان تێدا تۆمارکرا کە لە (٧٠٪) یان بوو، ناوچە گەرمەکانی دیکە ئاست نزمی ڕەوش خراپیان تێدا تۆمارکرا کە لە (٢٤٪) بوون. بە گشتی، بەرەوپێشچوون لە دەرخەرەکانی تەبایی کۆمەڵایەتی لە ٣٣٪ ی ناوچەگەرمەکان تۆمارکرا.

ناوچە گەرمەکانی پارێزگای ئەنباریش هیچ بەرەوەپێشچوونێکیان بەخۆیانەوە نەبینی لەڕووی تەبایی کۆمەڵایەتییەوە و هەموویان لە ئاستی نزم یان مامناوەندی ڕەوش خراپی مانەوە بەدرێژای ساڵی ٢٠٢١. لە پارێزگای سەڵاح الدین یش دا، شارەدێی ئیسحاقی قەزای بەلەد نزمبوونەوەی تێدا تۆمارکرا کە لە ئاست بەرزیەوە چووە مامناوەندی لەڕووی ڕەوش خراپییەوە، لە ناوەندی قەزای شنگالی پارێزگای نەینەواش هەمان شت تۆمارکرا.

تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ناوەندی قەزای بەلەد لەپارێزگای سەڵاح الدین و شارەدێی زوممار قەزای تەلەعفەری پارێزگای نەینەواش دوو تاکە شوێن بوون کە بە ئاست بەرزی پۆلێنکران لەڕووی تەبایی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها خراپتربوونی ئاستی تەبایی کۆمەڵایەتی لە شارەدێی ئامرلی قەزای توزخورماتوو تۆمارکرا و هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە.

شێوەی ١٢: جیاوازی لەڕەوش خراپی لەڕووی تەبایی کۆمەڵایەتییەوە لە هەموو ناوچە گەرمەکان دا (کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠)

| پارێزگا | پارێزگا | شارەدێ\ناحیە |
|---|---|---|
| ئەنبار | قائیم | ناوەندی قائیم |
| | فەللوجە | عامریە |
| | فەللوجە | گەرمە |
| | هیت | بەغدادی |
| | هیت | فورات |
| | هیت | ناوەندی هیت |
| | ڕووما‌دی | حەسیبە شەرقیە |
| بەغدا | ئەبو غرێب | نەسر وەسەلام |
| بەغدا | مقدادیە | ئەبو سەیدا |
| | مقدادیە | ناوەندی مقدادیە |
| | خانەقین | جەلەولا |
| | کفری | قەرەتەپە |
| نەینەوا | بەعاج | قەحتانیە |
| | بەعاج | ناوەندی بەعاج |
| | موسڵ | حەمام حلیل |
| | شنگال | شەمال |
| | شنگال | ناوەندی شنگال |
| | شنگال | قەیرەوان |
| | تەلەعفەر | عیازییە |
| | تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر |
| | تەلەعفەر | زوممار |
| سەڵاح الدین | الدور | ناوەندی الدور |
| | شەرگات | ناوەندی شەرگات |
| | بێجی | السینیە |
| | بێجی | ناوەندی بێجی |
| | بەلەد | ئیسحاقی |
| | بەلەد | ناوەندی بەلەد |
| | بەلەد | یەسریب |
| | سامەڕا | موعتەسیم |
| | سامەڕا | ناوەندی سامەڕا |
| | توزخورماتوو | ئامرلی |
| | توزخورماتوو | ناوەندی توز خورماتوو |
| | توزخورماتوو | سلێمان بەگ |




## ئەمنیەت و سەلامەتی

دەرخەرەکانی ئەمنیەت و سەلامەتی بەردەوام هەروەکو هۆکار و پاڵنەری سەرەکی ڕەوش خراپی مانەوە لە ناوچە گەرمەکان بە درێژای ساڵی ٢٠٢١. بە گشتی، چەند ناوچەیەکی دیکەی گەرم ئاستی بەرزی ڕەوش خراپیان تێدا تۆمارکرا لەڕووی ئەمنیەت و سەلامەتییەوە، کە لەهەموو پاڵنەرەکانی دیکە زیاتر بوو لە (٤٥٪) بوو. هەروەها تەنیا شەش ناوچەی گەرم بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینی لەڕووی ئەمنیەت و سەلامەتیەوە بەدرێژای ساڵی ٢٠٢١ کە دەکاتە (١٨٪) ناوچە گەرمەکان. ١٥.

لە پارێزگای سەڵاح الدین یش دا، هەموو ناوچە گەرمەکانی قەزای توزخورماتوو هەر لە ئاست بەرزی ڕەوش خراپی مانەوە، ئەمەش بەهۆی هەبوونی ژمارەیەک هێزی ئەمنی و بەربڵاوی ڕادەی توندوتیژی لەنێوان ئە هێزانەدا.

هەردوو ناوچەی گەرمی ناونەندی قەزای شەرگات و شارەدێی سینیەی قەزای بێجی خراپتربوون لە ئاستی مامناوەندی ڕەوش خراپی لەڕووی ئەمنیەت و سلامەتییەوە بۆ ئاستی بەرز چوو لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا. لە ناوەندی قەزای شەرگاتە، ئەم خراپتربوونە پەیوەستە بە هەبوونی چەند لایەنێکی ئەمنی و لە شارەدێی سینیەش پەیوەستە بە تەقەمەنییە نەتەقیووەکان. ناوچە گەرمەکانی پارێزگای نەینەواش تاڕادەیەکی زۆر وەکو خۆیان مانەوە لەمبارەیەوە، تەنیا لە شارەدێی زوممارى قەزای تەلەعفەر نەبێت کە ڕەوشەکە خراپتربوو لە ئاست نزمی خراپی ڕەوشەوە چووە ئاستی مامناوەند، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە توندتیژ و ناکۆکی لە نێوان ئەو لایەنە ئەمنیانە دا. هەمان شتیش لە شارەدێی گەرمەی قەزای فەللوجەی پارێزگای ئەنبار بەدیکرا و هۆکارەکەشی هەمان هۆکار بوو کە تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بەم شێوەیە بوو.

شێوەی ١٣: جیاوازی لەڕەوش خراپی لەڕووی ئەمنیەت و سەلامەتییەوە لە هەموو ناوچە گەرمەکان دا (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)




| پارێزگا | قەزا | شارەدێ\ناحیە |
|---|---|---|
| ئەنبار | قائیم | ناوەندی قائیم |
| | فەللوجە | عامریە |
| | فەللوجە | گەرمە |
| | هیت | بەغدادی |
| | هیت | فورات |
| | هیت | ناوەندی هیت |
| | ڕوومادی | حەسیبە شەرقیە |
| بەغدا | ئەبو غرێب | نەسر وەسەلام |
| بەغدا | مقدادیە | ئەبو سەیدا |
| | مقدادیە | ناوەندی مقدادیە |
| | خانەقین | جەلەولا |
| | کفری | قەرەتەپە |
| نەینەوا | بەعاج | قەحتانیە |
| | بەعاج | ناوەندی بەعاج |
| | موسڵ | حەمام حلیل |
| | شنگال | شەمال |
| | شنگال | ناوەندی شنگال |
| | شنگال | قەیرەوان |
| | تەلەعفەر | عیازییە |
| | تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر |
| | تەلەعفەر | زوممار |
| سەڵاح الدین | الدور | ناوەندی الدور |
| | شەرگات | ناوەندی شەرگات |
| | بێجی | السینیە |
| | بێجی | ناوەندی بێجی |
| | بەلەد | ئیسحاقی |
| | بەلەد | ناوەندی بەلەد |
| | بەلەد | یەسریب |
| | سامەڕا | موعتەسیم |
| | سامەڕا | ناوەندی سامەڕا |
| | توزخورماتوو | ئامرلی |
| | توزخورماتوو | ناوەندی توز خورماتوو |
| | توزخورماتوو | سلێمان بەگ |

## ئەستۆپاکی

ئەو دیدوبۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) نین. دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کەرستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە نە بەمانای واگەیاندن و دەربڕینی هیچ دیدوبۆچوونێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەسەر لایەنی یاسایی وڵات، هەرێم، شار و ناوچە یان هی لایەنی یاسایی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ئەو شوێنانە دێت، نە بەهی لایەنی جوگرافی و سنووری دێت.


## IOM IRAQ

UNAMI Compound (Diwan 2),
International Zone,
Baghdad, Iraq

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

@IOMIraq


COMPASS Guiding safe migration

IOM UN MIGRATION

Ministry of Foreign Affairs of the Netherlands

USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢



ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن پرۆژەی (COMPASS) حکومەتی هۆڵەنداوە پاڵپشتی ماددی و دارایی کراوە. داتاکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە کۆکراوەتەوە کە لەلایەن نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) و ئاژانسی کۆمەک و هاوکاری نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USAID) پاڵپشتی ماددی کراوە.



نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.